# كةركوك .... خالَة حةمة

ئێستاش وەکوو
ئەو ڕۆژانەی کە جێمهێشتیت
جارناجارێ بۆ دیدەنیت
دێمەوە باوەشی گەرمت
تائەتوانم
بەبالاّتا تێر ئەڕوانم..
گوێ لە نالّەی دلّت ئەگرم
دەنگت ئەدەم
بە دلّدارانی (شۆڕیجە) و
عاشقانی (ڕەحیم ئاوا) ..
چاو ئەگێڕم بۆ ئازادی
لەگەڕەکی (ئازادی) داو
لەناو چاوا..
بەسەر قەلاّو
بەرقەلاّدا گوزەر ئەکەم
بە لیتاوی ووشکەوەبووی
بەزۆلکاوی پڕ دەردوو دووی
بالاّی بەرزی، ژێر (خاسە) دا
دەستنوێژ ئەشۆم!
ڕوو لە یاران
ڕوو لە مالّۆچکەی هەژاران
ڕوو لە گڕی (بابە گوڕگوڕ)
ڕوو لە سینەی پڕ ئەوینی
* (زێڕینی گڕ)
نوێژێ بۆ خوا دائەبەستم
دوور لە نوێژی موسلمانان!
لە نوێژی (کریستیان) نەچێ! .
لە نوێژێك بچێ پڕ لەگڕ
ڕۆشنایی بات بە گیانی وڕ
دەستم بداتە دەستی خوا
تا سبەینێ
گۆڕ هەلّکەنم بۆ ئەوانەی
بەزیندوویی
کۆرپەو ناوت لەگۆڕ ئەنێ..
(2)
ئێستاش وەکوو

ڕۆژانی زوو
تۆ پەرستگای عەشقی منی
قیبلەی منی..
خۆم و دڵدارە شێتەکەم
ئێوارانە
دێین بۆ تکا..
خۆم و ڕۆحە بێزارەکەم
ئەگرین ڕێگا
ئەگرین ڕێگا بە دوای چاوتا
بە دوای دەست و پای شکاوتا
بە دوای ناوتا..
ئەگرین ڕێگا
بۆ پسانی کۆتی دەستت
بۆ ئازادی گیانی مەستت
لە بێزاری..
ئەگرین ڕێگا بۆ ڕزگاریت
بۆ بەهاری
ئاڵ و واڵای کوردەواریت
بۆ بەهاری
ئاڵ و واڵای کوردەواریت.

دانمارك/ڤالبی/2000
تێبینی

---

* (زێڕینی گڕ) شاعیری گەورەی کورد عەبوڵا پەشێولە شیعری (11 وانە بۆ منالان) دا...